گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/n0nc6487

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 02/08/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 05/10/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# ڕۆڵی هاووڵاتی لەنێو دەوڵەتی تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی

(توێژینەوەیەکی شیکاریی و بەراوردکارییە)

**نزار أحمد يحيى**

Nazar.yahya492@gmail.com

بەشی کارگێڕی کار، کۆلێژی تەکنیکی سۆران، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، سۆران ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

بیرمەندانی گرێبەست بەگشتی، وای دەبینن لە سەرەتادا خەڵک لەڕێی یاسای سروشتی ژیاوە، کە هەر کەسە و بە ویستی خۆی و بەپێی یاسای سروشتی هەڵسوکەوتی دەکرد، بۆیە بەریەککەوتن و ئاژاوە لە نێوانیان زۆر بو، بەجۆرێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان هاوشێوەی ئاژەڵەکان بو یان نزیک بو لەوان، هەر کەسە و بەو شێوەیەی ئارەزوی دەکرد و بۆی ڕەخسابایە بەپێی توانا و قابیلیەت و هێزی خۆی، هەوڵیدەدا دەست بەسەر ئەوانیتردا بگرێت، بەڵام دواتر ڕێککەوتنێک ئەنجامدەدەن و ڕێکخستنێک دەکەن، کەوا ویستی گشتی خەڵکی تێدا ئامادەیە، ئەوەبو یاسای مەدەنی جێگای گرتەوە، و دەوڵەتێک و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هاتەکایەوە، کەوا توانای دەستەبەری حەز و ئارەزو و پێویستییەکانی خەڵکی هەبێت.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لەڕێی تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی بە وەرگرتنی بۆچونی هەر سێ بیرمەند (تۆماس هۆبز، جۆن لۆک و جان جاک ڕۆسۆ)، چارەسەرێک بۆ هەمو ئەوگرفت، ناکۆکی و ڕوداوانەی بەهۆی سیستەمی حوکمرانی دەوڵەتانی سەردەم دروستبون، بدۆزێتەوە، کە ویستی گشتی خەڵک یان ویستی کەمینەی چاکەخواز بەسەر بڕیاری دەوڵەتان زاڵبێت، دەوڵەتێک بونیادبنرێت ببێتە مایەی خۆشبەختی بۆ هاووڵاتیانی نێوگرێبەست، چیتر ئەو هەمو بەریەککەوتن و ئاژاوە و جەنگە یەک لەدوای یەکەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکان نەمێنن، یان هیچ نەبێت ڕێژەی بەریەککەوتنەکان کەم بکرێنەوە، بەڵام لە چۆنیەتی و شێواز و ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان و، ئەو جۆرە کەسانەی حوکمرانی دەکەن و ئەوانەشی مافی بەشداری سیاسییان هەیە، چەندین بۆچونی جیاواز لەلایەن بیرمەندانی گرێبەست و توێژەر خراونەتەڕو. هەردو میتۆدی شیکاری و میتۆدی بەراوردکاری لەم توێژینەوەیەی بەردەست بەکارهاتون.

**کلیلە وشەکان:** دەوڵەتی مەدەنی، فەرمانڕەوایی، ویستی گشتی، گرێبەست، هاووڵاتی.

# The Role of the Citizens in the State of Social Contract Theories (Analytical and Comparative Study)

Nazar Ahmed Yahya
Department of Labor Administration, Soran Technical College, Erbil Polytechnic University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

thinkers believe that from the beginning of the humankind lived by natural laws, thus acted according to their own laws and wishes that's why there was a lot of friction and chaos between them. later humankind made deals and started organizing their matters. the will of the people became the center and that is where civil laws took over. this way the civil community and the governments have come together and the societies had the ability to fulfill people's desires.

this study aims to analyze the ways of social contract theories and will depend on thinkers like: thomas hobbes, john locke and jean jacques rousseau in an attempt to find a solution for all the problems, disputes and accidents by the way of today's system of governments where the will of the people or the benevolent minority dominate over the decision of states. accordingly, a government becomes the cause of happiness for citizens in a qualitative style and proportion in terms of citizens' participation. this means that people are part of the governance and have the right to political participation despite many different points that will be exposed by researcher via contract theories. Both analytical and comparative methods were used in this study.

Key words: Civil State, Governing, Public Will, Contract, Citizen.

## پێشەکی:

تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر پێشکەوتنی پیشەسازی وڵاتانی ڕۆژئاوا سەریانهەڵدا، مەبەستیان بو چارەسەرێک بۆ ئەو هەمو تاکڕەوی، دیکتاتۆریی سیاسی، گەندەڵی، جیاکاری ڕەگەزی، گەندەڵی ئەخلاق و خۆسەپاندن لەلایەن سیاسییەکان و دەستەڵاتی کەنیسە و ئەو سیستەمە ئابوری و دەرەبەگایەتییەی ئەوکات باو بو، بدۆزنەوە. بۆیە بیرمەندانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەڵسان بە ڕەخنەگرتن لە شارستانیەتی ئەوروپی، کەوا قورسایی خۆی لەدەستدابو (برقايي و طاهير،٢٥-١-٢٠٢٢، ٨٦٣)، بیرمەندانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەیانویست کۆمەڵگەیەک و دەوڵەتێک بخەنەڕو، کە ویستی گشتی خەڵکی تێدا زاڵ بێت و چیتر هێزە لۆکاڵی و خێڵەکییەکانی سەردەمی خۆیان نەبنە ئاراستەکار و دەمڕاستی خەڵک، کە ببوە هۆکاری شڵەژانی کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی. ئەم دەوڵەتەیە بەشێوەیەک بونیادنرابێت، کە ویستی گشتی خەڵکی بەشداربوی تێدا ئامادەبێت، ئەم ویستەش خۆی دەبینێتەوە لە شێوەی گرێبەستێک لە نێوان دەستەڵاتێک کە حوکمداری دەکات، بە ڕەزامەندی گشتی خەڵک ئەو دەوڵەتە دادەمەزرێت، کەوا دەبێتە مایەی بەختەوەری بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە.

لە بنەڕەتدا عەقڵگەرایی سەدەی حەڤدەیەم، نوێکردنەوەی هزری ڕەواقییەکان بو، کە پرەنسیپی ڕەواقییان پەسەندکرد، کەوا خودگەرایی مرۆڤی تێدا زاڵە، بەو واتایەی عەقڵی مرۆڤ سەربەخۆیە و پێویستی بە هیچ جۆرە یارمەتییەکی دەرەکی نییە (کاسیرەر، ٢٠٠٨ : ٣٢٦، ٣٣٤).

بە گشتی بۆچونەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەرسێ بیرمەند: (تۆماس هۆبز، جۆن لۆک، جان جاک ڕۆسۆ) چڕدەبێتەوە لەسەر ئەو بیرۆکەیەی، کەوا پێیانوایە لە سەرەتادا کۆمەڵگە مرۆییەکان پشتیان بە یاسا سروشتییەکان دەبەست لەکاتی هەبونی هەر کێشە، گرفت و ناکۆکییەک، کە لە نێوانیاندا ڕویدەدا یان دوچاری دەبون، بۆیە بیریان لە پێکهێنانی دەوڵەتێک کردەوە، ئەم تیۆرانە هەڵقوڵاوی تێڕوانین و تێگەیشتنی خەڵک و ڕەزامەندی هەموان بێت، تا بەهۆیەوە خۆیان لە مەترسییە دەرەکی و ناوەکییەکان بپارێزن (خەلیل، ٢٠٠٩ : ٢٩٧).

تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی نەخشە ڕێگایەکیان خستۆتەڕو، کەوا لەڕێیەوە بۆ پابەندبون بە گرێبەستی نێوان گروپەکان، توانای دەستەبەری حەز و ئارەزوەکانی خەڵکی هەبێت، و چالاکییە کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسییەکانیان گەشە پێبدات (خەلیل، ٢٠٠٩: ٢٩٧).

## کێشەی توێژینەوەکە:

وەک ئاشکرایە تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەر لەو کاتەوەی سەریانهەڵدا، مشتومڕی زۆریان بەدوای خۆیانەوە هێنا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دۆخ و یاسای سروشتی بەرامبەر دۆخ و یاسای مەدەنی هەبو، هەروەها ڕۆڵی خەڵک لە بونیادنانی دەوڵەتی مەدەنی، سەرەڕای مشتومڕی پەیوەندیدار بە بنەما ئەخلاقییەکان و عەقڵییەکانی مرۆڤ، ئەوانە وایانکرد لەسەر ئاستی جیهان و لە کات و شوێنە جیاوازەکان دوبارە خوێندنەوە و دارشتنەوەی نوێتر بۆ تیۆرەکانیان بکرێت، هەروەها بۆ خوێندنەوە و قسەکردن لەسەر دەوڵەتێکی خۆشگوزەران، پێویست بێت بیرمەندان و گرنگیپێدەرانی دەوڵەتی مۆدێرن، بگەڕێنەوە بۆ ئەم تیۆرانە. دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستانیش لە پێویستبون بە خوێندنەوەی جیاواز بۆ تیۆرەکانیان بەدەرنین، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانە سەرەڕای هەبونی سیستەمی دیموکراسی و بانگەشەی هەبونی دەوڵەتی مەدەنی، کەچی بە چەندین کێشە و گرفتی گەورەی حوکمرانی دەناڵێنن.

لێرەدا توێژەر دەیەوێت نەخشەڕێگایەکی نوێتر بخاتەڕو، کە لە مەودای تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی پێیگەیشتوە، کە لەوانەیە ببێتە هاندەرێک بۆ چارەسەری ڕیشەیی ئەو هەمو نەهامەتی و دەردەسەریانەی کۆمەڵگەکانی جیهان بە گشتی و کۆمەڵگەکانی جیهانی باشور بەتایبەتی بەرۆکیانی گرتوە، مەبەست ئەو شێوە حوکمرانییەیە، کەوا لەڕێی دیموکراسیەت و ڕای زۆرینە خۆی باڵادەست کردوە، یان لە زۆر حکومەتەکان جۆرێک لە دیموکراسیەتی ڕواڵەتی خۆی دەرخستوە. بۆیە توێژەر هەڵساوە بە خستنەڕوی چەندین بۆچون، پێشنیاز و بیرۆکەی تازە و جیاواز بەرامبەر ئەو بۆچون و بیرۆکانەی، کەوا بیرمەندانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی خستویانەتەڕو، بۆیە لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت چەند پرسیارێکی جەوهەری وەڵام بدرێنەوە، وەک ئەوەی ئایا ئەو دەوڵەتەی بیرمەندانی گرێبەست خستویانەتەڕو، دەتوانرێت لەو سەردەمەی ئێستادا قبوڵکراو بێت؟ کام بۆچونەی بیرمەندانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی گونجاوترە بۆ دەوڵەتانی سەردەم؟ چی بکرێت تا لەو قەیرانانەی ئێستا دەوڵەتان و خەڵکی بەدەستییەوە دەناڵێنن، ڕزگاریان ببێت؟ ئەمە و چەندین پرسیاریتر کە لە مەودای توێژینەوەکە خراونەتەڕو؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

١- توێژینەوەکە دەیەوێت تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی بۆچونەکانی هەر سێ بیرمەندان (هۆبز، لۆک و ڕۆسۆ) سەبارەت بە دەوڵەتی مەدەنی بخاتەڕو، ئینجا ئەو بیروبۆچونە جیاوازانەی لە نێوانیان دەبینرێت، لە شێوەی

مشتومر پیشانبدرێت، هەروەها بەراوردکردنی لەگەڵ بۆچونەکانی توێژەر. تا بکرێت هەردەم بەپێی سەردەمە جیاوازەکان خوێندنەوەی نوێتر و جیاوازتر بۆ دەوڵەتی مەدەنی و مۆدێرن بکرێت.

٢- بۆیە گرنگە لەڕوی تیۆرییەوە هەردەم خوێندنەوە و پێداچونەوە بە بۆچونەکانی بیرمەندانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بکرێت، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکاری لە حەز و ئارەزوی خەڵک بەپێی سەردەمە جیاوازەکان، بەپێی کۆمەڵگە جیاوازەکانیش ڕاستە، کە دەکرێت بۆ هەر کۆمەڵگەیەک بەشێوەیەکی جیاواز سود لەم تیۆرانە وەربگیرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، لەڕێی تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، نەخشەی دەوڵەتێک بخرێتەڕو، کەوا چارەسەرێکی گونجاو بۆ دەوڵەتانی ئەم سەردەمە بدۆزرێتەوە، هەروەها ئەو کێشە و گرفتە جەوهەریانەش پیشان بدرێن، کە بەهۆیانەوە ئەو قەیران و کارەساتە مرۆییانەی، کەوا دەستەڵاتەکان لە قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی مێژوی مرۆڤایەتی خولقاندویانە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژەر هەردو میتۆدی شیکاری و میتۆدی بەراوردکاری لەم توێژینەوەیەی بەردەست بەکارهێناوە، کەوا میتۆدی شیکاریی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە، چونکە توێژەر هەڵساوە بە شیکردنەوەی بۆچونەکانی بیرمەندانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، و پەیوەندی و خاڵی وێکچوی نێوانیان، و جیاوازی بۆچونی نێوانیان، هەروەها میتۆدی بەراوردکاریش بۆ ئەو مەبەستەی بەراوردی نێوان بۆچونی بیرمەندانی گرێبەست لە نێوانیان و ئینجا بەراوردی ئەو بۆچونانە لەگەڵ بۆچونەکانی توێژەر بکرێت.

## بەشی یەکەم

## چەمکی فەرمانڕەوا، مافی سروشتی بەرامبەر مافی مەدەنی و هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا

توێژەر چەند چەمک و پێشنیازێکی بیرمەندانی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕو، ئینجا هەوڵ دەدرێت بۆچون، تێبینی و پێشنیاز سەبارەت بە دەوڵەتێک بخاتەڕو، کەوا بگونجێت لەگەڵ دۆخی ئێستا و دەوڵەتی مۆدێرن، لە چوارچێوەی ئەو جیهانگەراییەی ئێستا باوە، ئەوانیش:

**تەوەری یەکەم: چەمکی لڤیاتان یان فەرمانڕەوا:**

یەکەم کەس کە بەشێوەیەکی زانستیانە پێشنیازی گرێبەستێکی[1] کرد کە لەنێوان لیڤیاتان یان فەرمانڕەوا و خەڵک ڕوبدات، تۆماس هۆبز 1588 -1679 (Thomas Hobbes) بو، بەناوبانگترین کتێبی (لیڤیاتان)[2] ە و ساڵی ١٦٥٠ نوسیویەتی، دەڵێت لیڤیاتان یان دەستەڵاتداری یەکەم، مافی سزادان یان مافی مومارەسەکردنی دەستەڵاتێکی پۆلیسی هەیە، هەروەها مافی ئەوەی هەیە دەستەڵاتی یاسادانان و مافی دەستەڵاتی دادوەریش لەدەستی ئەو بێت، لەبەرامبەردا خەڵک بۆیان نییە ملکەچ نەبن، هەتا ئەگەر لیڤیاتان بە گرێبەستەکەش پابەند نەبو. جگە لەمانەش لیڤیاتان ملکەچی یاسا مەدەنییەکان نابێت، بەڵکو ئەو تەنیا فەرمان دەکات (شتراوس و کروبسی،٢٠٠٥: ٥٨٧- ٥٨٩).

هۆبز ڕایدەگەیەنێت، لیڤیاتان یان فەرمانڕەوا بەمانای مافی خوایی ناهێت بۆ پاشا، بەڵکو مانای بەرژەوەندی خەڵک دەگەیەنێت، بۆئەوەی لە دۆخی ئاشتی بژین، بۆیە دەردەکەوێت، کە هۆبز دەستەڵاتێکی دونیایی مەبەستە، کە لەسەر بنچینەی سودگەیاندن بەرهەمهاتبێت. (عبد مجید-نیە، ٢٧٩) هەرچەندە کارلایل، کە یەکێکە لەبیرمەندانی سەدەی بیستەم، و شێلگیرانە پشتیوانی لە فەرمانڕەوا دەکات و دەڵێت، فەرمانڕەوا بەپێی مافی خودایی فەرمانڕەوایی دەکات و

خودا ئەو مافەی پێداوە، بۆیە ئازادی شتێک نییە جگە لە گوێڕایەڵی ویستی خودا، ئەوانە واتە فەرمانڕەواکان هەڵبژێردراوی خودان (کاسیرەر، ٢٠٠٨: ٣٦٣).

هۆبز دەڵێت، لیڤیاتان یان فەرمانڕەوا بەهۆی گرێبەستەوە فەرمانڕەوایە، نەک لەبەرئەوەی خاوەن عەقڵێکی بەرزبێت (بۆلادی،٢٠٠٦:٣٨)، بەڵام دەستوەردان لە ژیانی تایبەتی خەڵک ناکات (پۆلادی،٢٠٠٦:٦٤).

هەرچەندە وێلفریدۆ پاریتۆ ١٩٤٨ . ١٩٣٠ ڕایەکی جیاوازتر لە هۆبز دەخاتەڕو، دەڵێت فەمانرەوا یان بژاردە کەسێکە، کە لە خوددا خاوەنی هۆشی جەستەیی و دەرونی بەرزبێت، کە دەبێتە هۆی باڵادەستبونی بەسەر ئەوانیتردا (نقیب زادە، ٢٠٠٧: ٤٢).

هۆبز هەروەها دەڵێت، دەتوانرێت دەسەڵات لەنێوان چەند کەسێک دابەشبکرێت، بەڵام نابێت لەنێوان خەڵک و فەرمانڕەوا یان پەرلەمان و فەرمانڕەوا دابەشبکرێت، چونکە دەستەڵاتی تاکڕەوی گرێنتی جێگیربونی دەوڵەت زیاتر دەکات (لیدمان، ٢٠١٦: ١٥٦).

**هۆبز سێ بەڵگە بۆ ملکەچی فەرمانەکانی فەرمانڕەوا دێنێتەوە:**

١- تاک ئەرکدارە بە فەرمانی فەرمانڕەوا، چونکە لەڕێی گرێبەستەکە پەیمانی داوە.

٢- فەرمانڕەوا نوێنەری تاکە، کاری فەرمانڕەوا دەبێتە جێگرەوەی کاری تاک و، تاک ناتوانێت گلەیی بکات یان ڕەخنەبگرێت، لەکاتێک ئەگەر کردەوەیەکی فەرمانڕەوا بوە هۆی زیانگەیاندن بە مافی تاک (پۆلادی،٢٠٠٦:٥٩) (Abernethy, 1936: 84).

٣- عەقڵ چاکەی تاک بەخۆی پیشان دەدات، پێی دەڵێت سەرەتا بچێتە نێو گرێبەستەکە و پێیەوە پابەندبێت (پۆلادی،٢٠٠٦:٥٩).

هۆبز بە پێویستی دەزانێت، دەستەڵاتی سەروەر بە گرێبەستی کۆمەڵگەیەک سنورداربکرێت، کە دەستەڵاتێکی باڵای هاوبەش پەسەنددەکەن، بەڵام دەستەڵاتە باڵاکە بەشێک نابێت لە گرێبەستەکە، تا خۆیان لە ڕەمەکییە ئاژەڵییەکان بپارێزن (چەند نوسەرێک، ٢٠٠٦: ٦٥- ٦٧) (Laskar, April 2013, 2)، چونکە پێیوایە، هیچ دەستەڵاتێک هەمیشەیی نییە، بەڵام پێویستە دەوڵەتەکان بە یارمەتی ئەندازیارێکی لەڕاددەبەدەر زیرەک دروستبکرێن، بەشێوەیەک ڕێ لە هەڵوەشاندنەوە بگیرێت، کە هەمیشە بەهۆی گێرەشێوێنی ناوخۆیی ئەگەری ڕودانی لەئارادایە (شتراوس و کروبسی،٢٠٠٥: ٥٩٨).

هۆبز ئەوەش ناشارێتەوە، کەوا ئاشتی و ئارامی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو کاتە بەدیدێت، ئەگەر خاوەن دەستەڵات، ژیان و مردنی ژێردەستەکانی بەدەست بو. بەڵام هەر کاتێک خەڵک باوەڕیان وابو، دەسەڵاتێکیتر هەیە دەتوانێت بەختەوەری زیاتریان بۆ دەستەبەر دەکات یان سزای گەورەتریان بۆ دێنێت، ئەوا دەکرێت و پێویستە ملکەچی دەستەڵاتی جێگرەوە بن و دەسەڵاتی یەکەم لەناو دەچێت (شتراوس و کروبسی، ٢٠٠٥: ٦٠٢).

جۆن لۆک 1632- 1704 (Jon lock) یش، کە دوەم بیرمەندی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە، (کۆمەڵێک نوسەر،٢٠٠٦: ٦٧) لۆک لەسەر ئەم بنەمایە دەستپێکرد، کە دەبێت لە کۆمەڵگەی سیاسیدا دەستەڵاتی فەرمانڕەوا هەبێت و تاکەکان دەستەڵاتی خۆیان بە فەرمانڕەوا بسپێرن، بەڵام نابێت دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی هەتا هەتایی بێت، بەڵکو بە دەستەیەکی هەڵبژێردراو بسپێردرێت (پۆلادی،٢٠٠٦:٧٣). لێرەدا ئەوە لە لۆک تێبینیدەکرێت، کە لۆک فەرمانڕەوایەکی تاکڕەوی لە شێوەی لیڤیاتانی هۆبز قبوڵ نییە، بەڵکو بەباشی دەزانێت ئەو فەرمانڕەواییە لە شێوەی گروپ خۆی دەربخات.

لۆک تێڕوانینی هۆبزی بەلاوە پەسەند بو، بەڵام وای دادەنێت، سەروەری لەلایەن گەل و خەڵک متمانەی پێدراوە، بۆیە ئەگەر حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی شکستی هێنا، ئەوا دەکرێت بروخێنرێت. واتە گۆڕینی فەرمانڕەوایی ڕەها بو بە فەرمانڕەوایی مەرجدار و، زیاتر مەیلی بۆ خاوەندارێتی، ساماندارێتی، تیۆری مافی سیاسی و تاگگەرایی هەبو (کۆمەڵێک نوسەر،٢٠٠٦: ٦٧- ٦٨) (پۆلادی،٢٠٠٦:٧١) (لیدمان، ٢٠١٦: ١٤٦).

لۆک دەڵێت، پێویستە دەستەڵات بدرێتە دەست کەسێک یان کۆمەڵێک، کە هیچ بەرپرسیارێتییەکیان بەرامبەر خەڵک نەبێت، هەروەها تیۆرەکەی لە مافی سروشتی هەڵێنجا و بنەڕەتی ئەنجامگیرییەکەی لە تاکەوە دەستپێکرد و بەرەو دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاوینا (جەبار،٢٠٠٥: ٤٨- ٤٩).

جان جاک ڕۆسۆ (jean Jacques Rousseau) 1712- 1778، کە سێیەم بیرمەندی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە و بە ڕەگەز فەرەنسییە و، بۆچونەکانی بە یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی لەقەڵەم دەدرێت، ڕۆسۆ بەوە لە بیرمەندانی پێش خۆی جیادەکرێتەوە، کە لە تیۆرەکەی پێی لەسەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەت داگرت (کۆمەڵێک نوسەر،٢٠٠٦: ٦٧- ٧٠).

ڕۆسۆ سەبارەت بە فەرمانڕەوایی باوەڕی وایە، نابێت فەرمانڕەوایی بە نوێنەران بسپێردرێت، بەڵکو دەستەی فەرمانڕەوایی لە کۆمەڵە کەسێک پێکبێت، کە ڕۆڵی دەستەی جێبەجێکاری ببینن، هەروەها ملکەچکردن بۆ ویستی گشتی، نەک بۆ ویستی هێزێکی دەرەکی بێت (پۆلادی، ٢٠٠٦ : ١٩٨).

ڕوسۆ باوەڕی وایە، ناکرێت هێزی زبر سەرچاوەی دەستەڵات بێت، چونکە هەمیشە هێز ناجێگیرە و ڕێژەییە، هەروەها ناکرێت ماف بە زەبری هێز دەستەبەر بکرێت، هەرچەندە هۆبز باوەڕی بە دەستەڵاتێک لەسەر بنچینەی هێز هەبو، کە وای دەبینی خاوەن دەستەڵات دەبێت مومارەسەی دەستەڵاتەکانی بە ڕەهایی بکات، و ئاسایش و ئارامی دەرەکی بۆ گەلەکەی دەستەبەر بکات، نەک هێنانی دادگەری، شوێنی حەوانەوە و ئازادی، بەڵکو ئەوە ئەرکی تاکەکە خۆیەتی ئەم ئەرکانە بگرێتە ئەستۆ (برقای، طاهیر،٢٥-١-٢٠٢٢: ٨٧٢).

ڕۆسۆ دەڵێت، هیچ کاتێک خاوەن هێز هێزەکەی بەردەوام نابێت، مەگەر هێزەکەی بۆ حەق بەکاربێنێت و، خەڵکیش ملکەچبونەکەیان وەک ئەرک تەماشا بکەن، بۆیە مومارەسەکردنی هێز، پێویستە وەک پرەنسیپ لەبەرچاو بگیردرێت (برقای و طاهیر، ٢٥-١-٢٠٢٢: ٨٧٢).

ڕۆسۆ، تیۆرەکەی سەبارەت بە هێز لە تیۆری (تفویض الهی) لە ڕۆبێرت فیلمێر 1588 -1653 (Robert firmer) وەرگرتوە، کە پاساو بۆ حوکمی پاشایەتی ڕەها و تاکڕەوی دێنێتەوە، ڕۆسۆ حوکمی تاکڕەوی، کە بە زەبری هێز خەڵک ملکەچی دەستەڵاتی خۆیان دەکەن، بە ڕێگرەکان دەچوێنێت، کەوا بە زۆر کەلوپەل لە خەڵک وەردەگرن و توندوتیژییان بەرامبەر دەکەن، دەڵێت لێرەدا هێز بابەتێکی کاتییە و لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو ڕودەدات، بەڵام بە گۆڕانی بارودۆخ، هێز و دەستەڵاتەکەش لەنێو دەچێت (برقای و طاهیر،٢٥-١-٢٠٢٢: ٨٧٣).

ڕۆسۆ پێیوایە، هێز حەق دروستناکات، لە حەقیش هێز بەرهەمناهێت، هەروەها، ئەگەر خەڵک بە ویستی گشتی خۆیان نەبێت، ملکەچی فەرمانەکانی دەستەڵات نابن، بەڵکو پێویستی بە ڕێککەوتن و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی هەیە (برقای و طاهیر،٢٥-١-٢٠٢٢: ٨٧٣).

هەرچی توێژەرە ڕایەکی جیاوازتری سەبارەت بە فەرمانڕەوایی هەیە، کە بەم شێوەیە دەکرێت بخرێتەڕو، توێژەر باوەڕی وایە بۆچونی هۆبز سەبارەت بە فەرمانڕەوایەک لە شێوەی لیڤیاتان گرنگە بۆ هەر دەوڵەتێک، تا لە هەمو لایەنێک بە جێگیری بمێنێتەوە، چونکە هەر گۆڕانکارییەک و ناجێگیرییەک لە دەوڵەتێک ڕوبدات، ئەوا پێویست دەکات هەمو

جومگەکانی دەوڵەتەکە سەرلەنوێ گۆڕانکاری بەسەردا بێت، تەنانەت بەها و پێوەرە کولتورییەکانیش جارێکیتر دادەڕێژرێنەوە. هەرچی لۆکە، کە باس لە دەستەی فەرمانڕەوا دەکات، توێژەر لەگەڵی هاوڕا نییە، چونکە فەرمانڕەوایی بەم شێوەیە، واتە هەبونی چەند هێزێکی یەکسان لەنێو یەک دەوڵەتدا، کە لەوانەیە لەهەر ساتێکدا ململانێ لەنێویاندا سەرهەڵبدات، چونکە هاوسەنگبونی هێز لەنێوان چەند هێزێک ئەگەر لە دۆخ و ساتێکی دیاریکراویش ڕوبدات، ئەوا دەکرێت لەهەر دۆخێک لاسەنگی دروستببێتەوە، کە لەئەنجامدا بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی لێدەکەوێتەوە. هەرچی سەبارەت بە بۆچونی ڕۆسۆیە، تارادەیەک توێژەر بۆچونەکەی قبوڵە، بەڵام ئەمەشیان گرێنتی دەوڵەتێکی بێ گرفت ناکات، چونکە نمونەکان زۆرن، کە دەکرێت خاوەن هێزەکان دەست بەسەر کۆی جومگەکانی دەسەڵات بگرن و جارێکیتر دەوڵەت دوچاری ناهاوسەنگی ببێتەوە و دەوڵەتێکی تاکڕەوی بخولقێت، بۆیە توێژەر باوەڕی بە دروستبونی بەرەیەکە، هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگە بێت، ئەم بەرەیە لە کەسانێک پێکهاتبن، کەوا لە ناخیاندا چاکەخوازی هەبێت و بەرژەوەندییە خودی و تایبەتییەکانیان بکەنە قوربانی بەرژەوەندییە گشتییەکان، چونکە ئەوەی شایانی باسە، توێژەر باوەڕی وایە بەرەی چاکەخوازی و بەرەی خراپە لە جیهاندا وەک دو بەرەی هاوتەریب هەن و هەردەم لە ململانێ و دژایەتی یەکتردان. ڕێی تێدەچێت و ئاساییە ئەم بەرەیە لە یەک کەس سەرچاوە بگرێت، هەروەک هۆبز ناوی ناوە (لیڤیاتان)، بەو پێیەی کاتێک یەک کەس بارودۆخی بۆ دەرەخسێت کە هێزی دەست بکەوێت، ئەوا هەوڵدەدات هاوشێوەکانی خۆی بدۆزێتەوە و پەلکێشیان بکات، بەم شێوەیە بەرەیەک پێکدێنن و ئەو بەرەیەش ئەگەر بارودۆخ گونجاو بێت، فراوانتر دەبێت، لەلایەکیتر توێژەر باوەڕی بە سیستەمی دیموکراسی نییە، کە باشترین ڕێگەچارە بێت، تا بتوانرێت دەوڵەتێکی مەدەنی و خۆشگوزەران بونیادبنرێت، چونکە هەمیشە تێڕوانین و بڕیارەکانی زۆرینە بڕیار و تێڕوانینی سادەن و دەکرێت بە ئاسانی ئاراستەبکرێن، بۆ ئەو ئامانجە ئاراستەبکرێن کە خاوەن هێز و دەسەڵاتداران مەبەستیانە بەدیبێت.

لێرەدا دەکرێت پرسیارێک لە زەینی هەر یەکەمان دروستبێت، چۆن چۆنی بەسەر ترسی تاکڕەوی لەنێو دەوڵەتی چاکەخوازی زاڵبین؟ کە لۆک بە مەرجی هەبونی دەستەیەک لە سیاسییەکان سنورداری تاکڕەوی دەکات و، ڕۆسۆ بە مەرجی هەبونی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان سنورداری دەکات. توێژەر وایدەبینێت بۆئەوەی تاکڕەوی دروستنەبێت، بونی گروپی چاکەخوازی گرێنتی سەلامەتی فەرمانڕەوایی دەکات، کە چەند کەسێکی چاکەخواز لە شێوەی سیستەمێکی ڕێکخراو کۆبونەتەوە، ئەگەر هەر یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە بەرەو تاکڕەوی هەنگاوبنێت، ئەوا لەڕێی ئەندامانیتر سنوردار دەکرێت، کە بەم کردارەش پێیدەگوترێت خود چاکسازی، بەڵام دەبێت دەستەی چاکسازی لە بۆسەی بەردەوامدا بن، تا کەسانی خراپەخواز نەخزێنە نێو سیستەمە ڕێکخراوەکە یان بەزویی ئاشکرا بکرێن.

**تەوەری دوەم: لە دۆخی سروشتییەوە بەرەو دۆخی مەدەنی:**

تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەسەر چەشنی دیاردە سروشتییەکان وەرگیراون، وایدەبینن لە نێوان کۆمەڵگەی مرۆیی و مێگەلی مەڕ و ئاژەڵە دڕەندەکان، هیچ جیاوازییەکی بنچینەیی نییە، تەنیا جیاوازییەکە لە هەبونی ئارەزوی یان عەقڵانییەتی مرۆڤەوەیە، کە لە ژێر هەژمونی عەقڵ بڕیاردەدات. و ژیانی مرۆڤ هەموی وەستاوەتە سەر ڕەمەکی خۆشەویستی بۆ مانەوە لە ژیان، ئەوە کۆمەڵگەیە کە دیاردەیەکی ناسروشتییە، کەوا لەسەر ئەو مەبەستە بونیادنراوە تا خۆی لە مەترسییەکانی سروشت و گروپە مرۆییەکانیتر ڕزگاربکات، هەروەک هۆبز دەڵێت، شەڕ و خراپەکاری مەسەلەیەکی خودیی مرۆڤە، بەپێچەوانەوە، ئاشتی پرۆسەیەکی دەستکردە. بەڵکو لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤ وەک گورگە، لە دۆخی جەنگدایە لەگەڵ هاوتا مرۆڤەکەی (عبد مجيد، نییە: ٢٧٨) (نەقیب زادە، ٢٠٠٧: ٩). هەروەها

دەڵێت، جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لەوەدایە، کە مرۆڤ خاوەن عەقڵە و هەر ئەو عەقلەش وایکردوە ناچار بەو دانوستانە بکرێت، تا ئازادی خۆی بە ئاسایش بگۆڕێتەوە (نەقیب زادە،٢٠٠٧: ١٠٣).

مافی سروشتی لە ڕوانگەی بیرمەندانی گرێبەست، واتە مافی پێش سەرهەڵدانی دەوڵەت (لیدمان،٢٠١٦: ١٤٢)، بۆیە لۆک باوەڕی وابو، مافی سروشتی مافی تاک دیاریدەکات، بۆیە ئامانجی دەوڵەت بریتییە لە پاراستنی مافی تاک (لیدمان، ٢٠١٦: ١٤٨).

هۆبز دەڵێت، دۆخی سروشتی، واتە شەڕی هەموان لە دژی هەموان، لەوکاتەش کە هەستەکانی مرۆڤ توشی پێکدادان و بەریەککەوتن دەبنەوە، لە بەرامبەردا لۆژیک فێریان دەکات بە دوای ئاشتی بگەڕێن. بۆیە دۆخی سروشتی لای هۆبز، دۆخێکی ناتەندروست و نالۆژیکییە (لیدمان، ٢٠١٦: ١٤٩- ١٥٠).

هۆبز دەڵێت خۆشەویستی خود و ترس لەوانیتر، دو ڕوکاری بنەڕەتی و سروشتی مرۆڤن، کە تاکەکان هەست بە دانوستانێکی نابەرامبەر بکەن و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێکبێنن (نەقیب زادە، ٢٠٠٧: ١٠) (پۆلادی، ٢٠٠٦:٣٣).

جۆن لۆک تێڕوانینێکی تاڕاددەیەک جیاوازی لە تۆماس هۆبز هەیە و دەڵێت، مرۆڤ بە مافی ئازادی تەواو و مافی بەهرەمەندبونی یاساکانی سروشت هاتۆتە ئەم جیهانە و لەگەڵ ئەوانیتر لەم مافانەدا یەکسانە، هەروەها جەوهەری مرۆڤ لە هەمو پەیوەندییەک سەربەخۆیە، جگە لەو شتەی کە بە ویستی خۆی دەچێتە ناویەوە (پۆلادی،٢٠٠٦:٧٣) (نەقیب زادە، ٢٠٠٧: ١٠).

لۆک دەڵێت، هەردو یاسای سروشتی و دادگەری، لە کۆمەڵگەی سروشتی دەبێت بدۆزرێنەوە و، دۆخی سروشتی دۆخێکی تەندروستە (لیدمان،٢٠١٦: ١٥١) (ramee,may2021: 10).

سەبارەت بە دۆزینەوەی جەوهەری یاسای سروشتی، هۆبز هەوڵیدا یاسای سروشتی بەشێوەیەک بدۆزێتەوە، بریتیبێت لە بەهێزترین یاسا لەلایەن زۆرینەی خەڵک، ئەم یاسایانەش بە عەقڵ دیارینەکرێن، بەڵکو بە هەڵچونەکان دیاریکرابن، بۆیە سێ ڕەمەکی سەرەکی لە مرۆڤ دیاریکردوە، ئەوانیش کێبڕکێ، بێمتمانەیی و لەخۆباییبون. کەچی دۆخی سروشتی لای ڕۆسۆ واتە: خۆشبەختی، خێروبێر، دڵنیایی و یەکسانی (برقای، طاهیر،٢٥-١-٢٠٢٢: ٨٦٧) (شتراوس و کروبسی، ٢٠٠٥: ٥٧٤، ٥٧٨).

ڕۆسۆ لەگەڵ هۆبزدا هاوڕا بو، کە دەبێت مافی سروشتی سەرچاوەکەی لە بنەڕەتی پێش عەقڵ بێت، هەروەها لەوەش لەگەڵی هاوڕا بو، کە بنەمای مافی سروشتی لە بنەمای مافی پاراستنی خود دامەزراوە، بەوپێیەی هەمو کەسێک مافی داوەریکردنی سەبارەت بە پاراستنی خودی خۆی هەیە، زیاتر لە هەر کەسێکیتر.

بەڵام ڕۆسۆ لە دو خاڵی گرنگ پێچەوانەی هۆبز و لۆکە، کە دو بیرمەندەکان هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە بۆ دۆخی سروشتی، وەک دەستپێک لە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا، کەچی هیچ یەکێک لەوان نەیانتوانیوە بگەنە ئەم دۆخە سروشتییە، بەڵکو مرۆڤی خاوەن ژیار و مەدەنییان لەگەڵ مرۆڤی سروشتی تێکەڵکردوە، دەڵێت تەنانەت عەقڵیش سروشتی نییە، چونکە زمان سروشتی نییە (پۆلادی، ٢٠٠٦: ١٦٤ ـ ١٦٥).

ڕۆسۆ دەڵێت، ژیانی سروشتی مرۆڤی کێوی، ژیانێکی بەهەشت ئاسا، بێتاوانی و خۆشحاڵی هەیە، پەیڕەو لە ڕەمکەکانی خۆی دەکات، کە کەسێکی تەنیا، نەجیب، ڕەسەن و بەهێزە، بەڵام پێشکەوتنی مرۆڤ و گەشە عەقڵییەکەی، ژیانی مرۆڤی کێوی نابوتکرد. دەڵێت، ئەوە شارستانیەتە، کە دۆخی سروشتی دەکاتە دۆخی شەڕ (نەقیب زادە، ٢٠٠٧: ١١) (Youvan, October 2023: 5- 6).

کەچی سیدنی هارتلاند لە کتێبەکەی بە ناونیشانی (یاسای سەرەتایی) لە وەڵامی ڕۆسۆ بۆ مرۆڤی سروشتی بە پێچەوانەی ڕۆسۆ دەڵێت، مرۆڤی سروشتی بونەوەرێکی ئازاد و خۆشبەخت نییە، بەڵکو ئەویش وەک مرۆڤی شارستانی، پابەندی پرەنسیپەکانی خێڵەکانی خۆیەتی، نەریتە کۆنەکان کۆتوبەندی ئەویان کردوە، هەرگیز بەتەما نییە بیانشکێنێت، ئەوەی مرۆڤی شارستانی لە مرۆڤی کێوی جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەوەی یەکەمیان خوازیاری گۆڕین و فرەییە و گەلێک نائارامە، ژینگەی خۆی بەردەوام دەخاتە ژێر پرسیارەوە (کاسیرەر، ٢٠٠٨: ٥١٠ . ٥١١) (نەقیب زادە، ٢٠٠٧: ١١).
سەبارەت بە جیاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرامبەر دۆخی سروشتی، بە دۆخێک دەگوترێت کە خەڵک لە ژیانی سروشتی دوربوبێتەوە و پەیوەندییەکانیان لەسەر بنچینەی عەقڵ و یاسای دەستکرد بونیادنابێت. کەچی لە دۆخی سروشتی، مرۆڤ ملکەچی یاسا سروشتییەکانە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئاژەڵدا نییە. (شتراوس و کروبسی، ٢٠٠٥: ٥٧٩) (نەقیب زادە، ٢٠٠٧: ١٠).

توێژەر پێیوایە لێکترازان و دوربونەوەیەکی زۆر لەنێوان دۆخی سروشتی و دۆخی مەدەنی دروستکراوە، کە بیرمەندانی گرێبەست خوڵقاندویانە، ڕێی تێناچێت دو دۆخی جیاواز لەنێو کۆمەڵگەی مرۆیی هەبن کە تەواو پێچەوانەی یەکترین و لە دو سەردەم و کاتی جیاواز هەبوبن، لەناکاو مرۆڤ پەی بە دۆخێکی مەدەنی بردبێت، ئەویش دوای دەیان هەزار ساڵ ڕویدابێت. ئەوەی شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە توێژەر وای بۆ دەچێت مرۆڤ بە درێژایی مێژو لە هەمان دۆخی عەقڵی بوە، ئەوەی وایکردوە زیاتر پەی بە چارەسەری گرفتەکانی بەرێت، ئەو پێویستی و بەرەنگارییانە بوە کە لە ژیانیدا ڕوبەڕویان بۆتەوە، هەر ئەمەشە وایکردوە هەر کۆمەڵگەیە و بەپێی ئەو دۆخە سروشتی و کۆمەڵایەتییەی هاتۆتە پێشیەوە، ڕاددەی پێشکەوتنی جیاواز بوە، تەنانەت زۆرجار بەهۆی هاتنەپێشەوەی ڕوداوێکی سروشتی یان مرۆیی، کۆمەڵگەیەک بەرەو دارمان یان پێشکەوتن چوە.

ئەی چۆن بتوانین سەرچاوەی یاسا سروشتییەکان بدۆزینەوە؟ ئەگەر یاسا ڕاستەقینەکان بریتیین لە نوێترین یاساکان، ئەوا دەزانین چەندین یاسای نوێ هەن بونەتە نەهامەتی و دەردەسەری بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکان، بۆیە دەکرێت بڵێین دو مەرج گرنگن تا بەهۆیانەوە یاسای سروشتی بدۆزرێنەوە، ئەوانیش:
یەکەمیان، ئەو یاسایانەی بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی کاریان پێکراوە و کەڵکیان لێوەرگیراوە، واتە لەڕوی مێژوییەوە لە قۆناغە جیاوازەکان و کۆمەڵگە جیاوازەکان بەکاریانهێناون و بەسودبون.
هەرچی دوەمیانە، کە لەڕێی مەرجی یەکەم دەتوانرێت بدۆزرێتەوە، ئەویش دەبێت تەماشای ئەنجامەکانی ئەو یاسایانە بکرێت، ئایا ئەنجامی باش یان خراپیان هەبوە بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکان، چونکە زۆر یاسا و بەهای مرۆیی هەن، لەگەڵ دروستبونی کۆمەڵگە دارێژراون، تا ئێستاش گرنگی و سودیان هەر ماوە، بە پێچەوانەش ڕاستە، کە یاسا و بەهای مێژویی هەن هەمیشە بونەتە نەهامەتی و زیان بۆ مرۆڤایەتی، بە نمونە، بونی ڕێکخراوی خێزان، لە دێرزەمانەوە هەبوە، کەوا کۆمەڵگەکان لە هەمو قۆناغە مێژوییەکان کەڵکان لێی وەرگرتوە و هۆکاری سەرەکی مانەوەی مرۆڤایەتی بوە، کەچی لە بەرامبەردا هەر کۆمەڵگەیەک هەوڵی لاوازبونی خێزانی دابێت لە مەودایەکی دور ئەو کۆمەڵگەیە دوچاری گرفت و هەڵوەشانەوە بوە.

لۆک دەڵێت، بۆ دروستبونی کۆمەڵگەی سیاسی و بەردەوام بونی، پێویستە تاک مافی ئەوەی هەبێت دارایی، ماڵ و سامانی خۆی بپارێزێت، و ئەم کۆمەڵگە سیاسییەی بەهۆی گرێبەستێک دروستبوە، پێویستە بە شێوەیەک بێت، کە هەریەک لە تاکەکان دەستبەرداری مافی سروشتی خۆی بێت و مافەکەی دەسپێرێتە کۆمەڵێک کەس، کە شاندی سیاسی دروستبکەن و حکومەتێک بەسەر خۆیانەوە بکەنە دەستەڵاتدار (نەقیب زادە، ٢٠٠٧: ١٠).

هەروەها دەڵێت، هۆکاری دروستبونی گرێبەستێکی مەدەنی و کۆمەڵایەتی، و چونە نێو کۆمەڵگەی مەدەنیش، نە ترس لە برسێتی و نە پاراستن لە ماڵ و سامانەکەیەتی، بەڵکو هەوڵدانە بۆ یەکێتی لەگەڵ تاکەکانیتر لەگەڵ ئەو مەترسیانەی ڕوبەڕوی سەروەری تاکەکەسی خۆیان دەبێتەوە، کە لە دۆخی سروشتی هەیانبوە، وەک ئازادی [3]و یەکسانی، کەوا لە ئەنجامی ئەم گرێبەستە، تاکەکە گرێبەستی ئاسایشی تاکەکەسی ماف و سروشتی بەو بەرجەستە دەکات (نەقیب زادە، ٢٠٠٧ : ١٠)(Laskar, April 2013: 4)

هۆبز دەڵێت، تاک تەواوی مافەکانی لە ڕێگەی گرێبەستێک بە فەرمانڕەوا دەسپێرێت، مەبەستی لەم کارەشیان سەقامگیربون و ئارامییە، تەنانەت ئەگەر فەرمانڕەوا ستەمکاریش بێت، هێشتا دۆخی مەدەنی لە دۆخی سروشتی باشترە. لەلایەکیتریش کۆنترۆڵکردنی دەستەڵاتی فەرمانڕەوا لەلایەن تاکەکان، گەڕانەوەیە بۆ دۆخی سروشتی (پۆلادی، ٢٠٠٦:٥٢).

هۆبز دەڵێت، دەستەڵاتی فەرمانڕەوا شوێنکەوتوی یاسا نییە، چونکە یاسا ئەرک دروستدەکات نەک ماف. هەروەها شوێنکەوتوی عەقڵی بە کۆمەڵیش نییە، بۆیە یاسا بریتییە لە فەرمانی فەرمانڕەوا لەم کۆمەڵگەیەدا، دەبێت هەمو ویستەکان بگوازرێنەوە بۆ ویستی یەک نوێنەری دەستکرد (پۆلادی، ٢٠٠٦: ٦٣).

لۆک جیاوازی لە نێوان ئازادی سروشتی و ئازادی مەدەنی دەکات، بەوەی ئەوەی یەکەمیان، واتە تاک نابێت ملکەچی هیچ هێزێکی باڵای سەر زەوی بێت، جگە لە یاسای سروشتی. سەبارەت بە دوەمیان واتە تەنیا ملکەچی ئەو هێزە دەبێت، کە گرێبەستی بە ڕەزامەندی خۆی لەگەڵ ئەوانیتر کردوە، کە بەڵێنی پێدراوە لەژێر سایەی ئەم هێزە مافەکانی پارێزراو دەبێت (لبیب، لایوجد سنة: ١٢١ . ١٢٢).

هەروەها لۆک ئاماژە بە کۆمەڵگە لە دۆخی سروشتیدا دەکات بەوەی، کە ئازادی تەواو هەیە، بەڵام ئەم ئازادییە بە نەبونی یاسا فەرمییەکان سنورداره، بەڵکو ململانێی تێدا باوە، بۆیە ئەوانەی لەنێو کۆمەڵگەن لە دۆخی سروشتیدا ناچاردەبن گرێبەستێک ئەنجام بدەن، کە پەیوەستکردن بە ئەرکە تایبەتییەکان بگۆڕدرێت بۆ پەیوەستبون بە ئەرکە گشتییەکان، تا بەهۆیەوە بەسەر تاوان و ستەمکاران، کەوا لە دۆخی سروشتیدا هەبون، زاڵ بن (Ramee,may 2021: 11).

ڕۆسۆ دەڵێت، ئەوەی تاک لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەدەستی دەدات، ئازادی سروشتی و مافی ڕەهای خۆیەتی، کە پێشتر هەیبوە، بەڵام لە بەرامبەردا ئازادی مەدەنی دەست دەکەوێت، هەروەها دەڵێت، مرۆڤ لەڕاستیدا گەورەی خودی خۆیەتی، بەڵام نابێت ئەوەشی لەیاد بچێت، کە ملکەچبون بۆ ئارەزو و حەزەکانی خۆی، بریتییە لە بەندایەتی حەزەکانی، کەچی لە بەرامبەردا ملکەچبون بۆ یاسا، کە خۆمان بڕیارمان لە سەریداوە، ئەوەیان ئازادییە (روسو، ٢٠١٣: ٤٣) (شتراوس و کروبسی، ٢٠٠٥: ٥٧٩).

بیری سیاسی سودگەرایی سەبارەت  بە دیموکراسییەتی بازاڕ ئەوەیە، کە عەقڵانیەتی دەوڵەت بەوە پەرەدەسێنێت، کە هەر کەسە و بۆخۆی بڕیاردەدات و ئاکامی بڕیارەکەشی بۆخۆیە. واتە تاک ئازادە، بەڵام ئەم ئازادییە ڕاستەقینە نییە، بەڵکو خەیاڵییە، چونکە ئەو بڕیارەی دەدرێت، بە تەنیا بڕیاری ئەو نییە، بەڵکو بڕیاری ملیۆنەها کەسە. ئەم دۆخەش بۆ هەموان هەمان شتە (جەبار،٢٠٠٥: ٥٢- ٥٣)، چونکە ئەوەی ویستەکان بەیەکەوە دەبەستێت، بریتییە لە یاسا، بۆیە ئازادییان زۆر بەرتەسک دەبێتەوە، بەو پێیەی هەندێک یاسایتر هەن، بە ویستی من و بڕیاری من دروست نەبون، بەڵکو بڕیاری زۆرینەی ئەوانەیترە. ئازادی ئەوەیە، کە تەواوی ئەو شتانەی ژیانی من دیاری دەکەن بە بڕیاری منەوە پەیوەستبێت (جەبار، ٢٠٠٥: ٥٣)، بەڵام پێناچێت لە هیچ دۆخێک مرۆڤ ئازادی تەواوی دەستکەوتبێت، بەڵکو هەردەم لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و سنورداری وەک خێزان، گروپی بچوک بچوک، خێڵ و هیتر قەتیس بون و ئازادییەکانی سنوردار

كراون، ئەمەش بەو پێیەی هەر كاتێك مرۆڤ ویستی لەگەڵ هاوتا مرۆڤەكەی كارلێك بكات، ئەوا ناچارەكرێت بە سنورداربونی حەز و ئارەزوەكانی، چونكە ئازادی تاك لەو شوێنە كۆتایی دێت ئەگەر حەز و ئارەزوی كەسێكیتر تێكەڵ بە حەزەكانی ئەو بو. ئەوەی شایانی باسە لە هەمو دۆخێكیشدا ئازادی بەشێوەی ڕێژەیی هەمیشە ئامادەیە.
جگە لەمانەش، توێژەر باوەڕی وایە مرۆڤ هەر لە سروشتی خۆیدا بەندەی چەند حەز و ئارەزوێكی ڕەمەكییە، كە پێویستە بۆی دەستەبەربكرێن، حەزەكانیش بە نمونە: حەزی خۆشەویستی، ڕق، سێكس، باڵادەستی، ناوبانگ و نەمری و هیتر. بەڵام ئەوەی پێویستە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەدەنی كاری لەسەر بكرێت، سنوردارکردنی ئەو حەزە ڕەمەكیانەیە، واتە ناكرێت تاك و گروپەكان لە وەها حەزێك بێبەش بكرێن، بەڵكو سنورێك بۆ زیادەڕەوییەكانی خەڵك دابنرێت، بۆئەوەی لاوازەكانیش ئەو مافانەیان لێ زەوتنەكرێت. بۆیە ناكرێت لە چوارچێوەی كۆمەڵگە و دەوڵەتی مەدەنی ماف و حەزە تاكەكەسییەكان ڕێیان لێبگیردرێت، بەڵكو سنورەكان دیاریبكرێن، هەرچەندە دیاریكردن و دۆزینەوەی ئەم سنورانە، زۆر زەحمەتن، كە ئەركی بەڕێوەبەرانی دەوڵەتەكەیە بەم ئەركە هەڵسن.

### تەوەری سێیەم: هەڵبژاردن و چینایەتی:

بیرمەندانی گرێبەستی كۆمەڵایەتی، سەبارەت بە شێوازی بەشداری هاووڵاتیان لە گرێبەست، كە لەنێوان دەستەڵات و خەڵك ئەنجامدەدرێت، بۆچونیان جیاوازە و هەر یەكە و نەخشەڕێگایەكی بنچینەییان خستۆتەڕو، بە نمونە تۆماس هۆبز وایدەبینێت لە دۆخی سروشتیدا، هەر كەسە و باشترین دادوەری پاراستنی خودی خۆیەتی، تەنانەت وشیارترین كەسیش ئەوەندەی نەزانێك دەتوانێت دادوەری خودی خۆی بكات، بۆیە لە بنویادنانی دەوڵەتی ساسیدا، ڕەزامەندی و ڕێككەوتن لەپێشترن لەچاو عەقڵی گشتی لەلایەكیتر لۆك وای دەبینێت، ئامادەیی تاك لە كۆمەڵگەی سیاسیدا بە واتای ڕەزامەندی ناوەكییە بەرامبەر بە سەقامگیری دەوڵەت، بەڵام مافی دەنگدانی گشتی بە پێویست نازانێت (پۆلادی، ٢٠٠٦: ٣٠، ٨٣).

بە بۆچونی لۆك هەمو خەڵك ئەندامی كۆمەڵگەی سیاسین، بەڵام مانای ئەوە نییە هەمو خەڵك مافی دەنگدانیان هەبێت و هەڵبژێردراوەكان تەنیا ئەوانەن، كەوا خاوەن موڵك و سامانداراەكانن (پۆلادی ٢٠٠٦:٨٦).
لۆك كرێكاران بە ئەندامی تەواوی كۆمەڵگەی سیاسی لە قەڵەم نادات، چونكە كرێكاران ناتوانن ژیانێكی ئەخلاقی تەواویان هەبێت، بەو پێیەی بەگشتی كرێكاران لە دۆخێكی ئابوری ناهەمواردان، بۆیە ناتوانن بە دروستی بیربكەنەوە و بچنە نێو كاری سیاسی، تەنانەت مافی شۆڕشكردنیان پێنادرێت، تەنیا پێویستیان بە باوەڕهێنان هەیە. واتە كرێكاران بابەتی كاری سیاسەتن، نەك ئەندامی بونیاد و هەیكەلی سیاسیبن (پۆلادی، ٢٠٠٦:٨٦) (جەبار،٢٠٠٥: ٤٩).
دەكرێت ئەوە بیر خۆمان بهێنینەوە، كە چەند بیرمەندێك باس لە باڵادەستی كەمینە بەسەر زۆرینەی خەڵك لەنێو دەوڵەتی سیاسی دەكەن و زیاتر پشتیوانی لە بۆچونەكانی لۆك دەكەن، بە نمونە گایتانۆ مۆسكا ١٨٥٨ . ١٩٤١ لە كتێبی (تۆخمەكانی زانستی سیاسەت)دا هەمان بۆچون دەخاتەڕو، دو خاڵی گرنگ باس دەكات، پێیوایە یەكەمیان ئەوەیە، كە لەهەر كۆمەڵگەیەك دو چینی جیاوازی تاكەكان هەن، ئەوانەش بریتین لەوانەی حوكم دەكەن و، ئەوانەش حوكمیان بەسەردا دەكرێت.
چینی یەكەم كۆمەڵگە ڕێكدەخات و فۆرمێكی تایبەتی پێدەدات، هەرچی دوەمیانە بەبێ هەست و بەبێ دەستەڵات ملكەچی گروپی یەكەم دەبێت (نەقیب زادە،٢٠٠٧: ٤٥).
ڕۆبێرت میخێڵزیش ١٨٧٦ . ١٩٣٦ لە كتێبەكەی بە ناونیشانی (حیزبە سیاسییەكان) لای خۆیەوە دەڵێت، تەنانەت لەنێو حیزبە دیموكراتە لۆكاڵییەكانیش، هەمیشە تاقمێكی كەم بەشێوەیەكی گروپی دەست ڕۆیشتو بەسەر زۆرینەدا زاڵدەبن و

تەنانەت حیزب بەناوی ڕێبەرە هەمیشەییەکەی بە ڕواڵەت هەڵبژێردراو دەناسێندرێت. دەڵێت ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ ڕێکخراوەکان بەڕێوەناچێت، بەڵام هەر کە ڕێکخراوەکە بونیادنرا، ئەوا تاقمێکی کەم جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن و دەبنە نوێنەری خەڵک، بە نمونەیەکی ئۆلیگاریشی دادەڕێژرێت، چونکە نوێنەرەکە هەندێک ئەزمون پەیدادەکات، کە لەوانیتر جیای دەکاتەوە، کە لە دواییدا هەستی خۆپەرستی لەلای سەرکردەکان دروستدەکات (نەقیب زادە،٢٠٠٧: ٤٧ .٤٨).

بەڵام ڕۆسۆ پێچەوانەی هۆبز و لۆک باوەڕی بە کۆمەڵگەی جیهانی فرەچینی نییە و، بە کۆمەڵگەیەکی نەشیاوی ڕەتکراوەی دەزانێت، باوەڕی وایە پێویستە بۆچونی جیاواز هەبێت، بەڵام جیاوازی لەسەر ئاستی تاک بێت نەک لەسەر ئاستی گروپ و بۆ بەرژەوەندی دەستەیەکی تایبەت (لیدمان،٢٠١٦: ١٨٠).

بەگشتی توێژەر زیاتر مەیلی بۆ بۆچونی لۆک هەیە وەک لەوەی بۆ هۆبز و ڕۆسۆ، بەڵام لۆک لەوەدا زیادەڕۆیی کردوە، کە پێیوابێت خاوەن موڵک و سامانەکان لەپێشتر بن لە خەڵک بەگشتی، بەڵکو توێژەر باوەڕی وایە ناکرێک هەمو خەڵک لە بڕیاردانی سیاسی بەشداری بکات، تا ئەو شوێنە لەگەڵ لۆک هاوڕایە، چونکە هەمیشە زۆرینەی خەڵک لەڕوی مەغریفی و وشیارییەوە لە ئاستێکی نزمدان، ئەمەش زیاتر لە هەر شتێک بەهۆی پێکهاتەی ڕەمەکیانەوەیە دواتر دەرفەت و ڕۆڵە کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسییەکان. ئەوەتا وێلفریدۆ پاریتۆ مرۆڤ بەسەر دو دەستەی گشتیدا دابەشدەکات، کەوا بژاردەکان و جەماوەرن، ئەم دابەشکارییە لەنێو تەواوی گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینرێت. دەڵێت ئەو کەسانەی خاوەن بەهرەی زیاتر و لێهاتوترن، سەرکردایەتی گروپەکە بەدەستەوە دەگرن (نەقیب زادە،٢٠٠٧: ٤٢).

بەو پێیەی زۆرینەی جەماوەر بە ئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕاگەیاندن و گوتاری باو کە دەستڕۆیشتوەکان و خاوەنهێزەکان دەکرێت بەدەستیانەوە بێت. بۆیە گرنگە تەنیا توێژی ڕۆشنبیران، بەمەرجێک تەنیا ئەو ڕۆشنبیرانە لەخۆبگرێت کە لەنێو سیستەمی ڕێکخراوەیی چاکەخوازەکان بن، لەگەڵ ئەوانەش کە لەڕێی ئەوان ڕۆڵی کارگێڕیی، زانستی و سیاسییان پێدراوە بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن.

## بەشی دوەم

## پێکهێنانی دەوڵەتی مەدەنی بە ئەنجامدانی گرێبەست، و ئەخلاق و شۆڕش

### تەوەری یەکەم: پێکهێنانی دەوڵەتی مەدەنی:

تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی، پەیوەستە بەم پێشگریمانەیەوە، کە هەمو لایەنەکانی گرێبەستەکە بە ئازادی و ڕەزامەندی دێنە ناو گرێبەستەکە، بەهۆیەوە لیستێکی گشتی دادەڕێژن، ناودەنرێت بە دەوڵەت (کاسیرەر، ٢٠٠٨: ٣٣٦).

بناغەی دەوڵەتی هۆبز لەسەر دو بابەتی ویست و دەستکرد، بونیادنرا، ئەوانیش: مرۆڤ خۆی دەسەڵاتی مەدەنی دروستدەکات و خۆشی پەیڕەوی لێدەکات، کەوا پێش دروستکردنی دەوڵەتی مەدەنی، ویستی مرۆڤ، ویستی ڕەهایە و لە دۆخی سروشتیدا پەیڕەوی لە هیچ ئەرکێک ناکات، هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی دروستکراوی ئازادی ویستەکانە. ئەم کۆمەڵگەیە بە گواستنەوەی مافی تاکەکان بۆ فەرمانڕەوا لە چوارچێوەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیدا دروستدەبێت، کە ویستی فەرمانڕەوا دەبێتە جێگرەوەی ویستی تاکەکان.

هۆبز ناسینی دەوڵەتی لە هەمو جۆرە پابەندییەکی دەرەکی و مێتافیزیکی دورخستەوە. (پۆلادی،٢٠٠٦: ٢٢، ٤٠).

هەرچی لۆکە مەبەستی لە دەستەڵات لەدەستی خەڵکدا ئەوەیە، کە خەڵک بەگشتی و بەبێ نێوانگیری کاریگەرییان لەسەر سیاسەت هەبێت، بەڵکو دەستەڵات لەدەستی پەرلەمانێکدا بێت، کە هەڵبژێردراوی خەڵک نەبن، بەڵکو لەدەستی سامانداراکان بێت (لیدمان،٢٠١٦: ١٥٩- ١٦٠).

لۆک پێیوایە، یەکسانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، تاکە مافێکی سروشتییە، کە لەکاتی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دروستبونی دەوڵەتی مەدەنی ئەم یەکسانییەش نامێنێت. (لبیب، لا یوجد سنة :١٢٣).

لۆک وای دەبینێت ئەوەی مرۆڤ لە بنەڕەتدا بۆ پاراستنی خود پێویستی پێیەتی، سامان و خاوەندارێتییە، نەک چەک. هەرچەندە مافی خاوەنداریەتی بەبێ بونی دەوڵەتیش هەر ئامادەیە، بەڵام کۆبونەوەی خەڵک لە دەوری یەکتر و ئەنجامدانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەیە، دەیانەوێت سامانی خۆیان بپارێزن (لیدمان،٢٠١٦: ١٥٣) (پۆلادی، ١٠٣:٢٠٠٦).

ئەوەی جێی سەرنجە، لۆک بە ئاشکرایی دەیەوێت دەوڵەتێک هەبێت تایبەت بێت بە ساماندارەکان و بەرگری لە سیستەمێکی سەرمایەداری ڕەها دەکات، کەوا زۆرینەی جەماوەری خەڵک ببێتە وزەی ئەو ئامێرە سەرمایەدارییەی لەڕێی ساماندارەکان بونیادنراوە، بۆیە دەوڵەتەکەی لۆک نە خزمەتی گشتی مەبەستە و نە ڕێ بۆ کەسانی بەهرەمەند و بەتوانا خۆش دەکات ڕۆڵیان هەبێت، تەنیا لەو شوێنە نەبێت کە وەک ئامراز کەڵکیان لێوەربگیرێت.

هۆبز ئاماژە بە سێ فۆرم دەوڵەت دەکات، دەوڵەتێک یەک کەس دەستەڵات مومارەسە بکات، حکومەتی پاشایەتی پێدەڵێن، ئەگەر چەند کەسێک مومارەسەی دەستەڵات بکەن و خەڵک دەنگیان پێبدات، ئەوا دەوڵەتێکی دیموکراسییە، هەروەها ئەگەر بەشێک لە خەڵک لەشێوەی ئەنجومەن مافی دەنگدانیان هەبێت، ئەوا دەوڵەتێکی ئەرستۆکراسی دەبێت (شتراوس و کروبسی،٢٠٠٥: ٥٩٢).

ڕۆسۆش لەسەر چەشنی هۆبز جیاوازی لەنێوان سێ فۆڕم لە دەوڵەت دەکات، ئەوانیش حوکمی دیموکراسی، ئەرستۆکراسی و پاشایی. دەڵێت هەر فۆڕمێک لە سێ فۆڕەکە لە هەندێک دۆخدا باشترینە و لە هەندێک دۆخیتردا خراپترینە، بەڵام باوەڕی وایە حوکمی دیموکراسی بەشێوەیەکی گشتی بۆ دەوڵەتە بچوکەکان و هەژارەکان گونجاوترە، هەرچی حوکمی ئەرستۆکراسییە، بۆ دەوڵەتە مامناوەندەکان لە گەورەیی قەبارە و سەروەت و ساماندا، کەچی شێوازی حوکمڕانی پاشایی بۆ دەوڵەتە گەورە و دەوڵەمەندەکان گونجاوە (برو،١٧٢:٢٠٠٦).

بەڵام توێژەر هەردەم پشتیوانی لەم جۆرە فۆرمە لە دەوڵەت دەکات، کە گروپی چاکەخوازی سەرکردایەتی دەکات، لەوانەیە ئەم گروپە لە سەرەتادا ژمارەیان کەم بێت، بەڵام کاتێک توانییان خۆیان ڕێکبخەن و دەوڵەتیان هەبێت، ئەوا ڕێژەکە بەپێی بارودۆخەکان زیاتر دەبن، تەنانەت ئاستی خوارەوەی جەماوەریش دەکرێت بخزێنرێنە ناو سیستەمە چاکەخوازییەکە، چونکە زۆرینەی جەماوەر لە خولگەیەک دەخولێنەوە کە لەڕێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و گوتاری باو ئاستی وشیارییان تارادەیەکی گونجاو بەرزبکرێتەوە.

ڕۆسۆ پشتیوانی لە دەوڵەتێکی بچوک یان دەوڵەتە شارێک دەکات، نەک دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوەیی، دەبێت لەسەر بنەمای دیموکراسی ڕاستەوخۆ بونیادبنرێت، پێشمەرجی ئەم جۆرە دەوڵەتەش بونی هاووڵاتی وشیار و بەئاگایە (لیدمان،٢٠١٦: ١٨١).

ڕۆسۆ پاساوی ئەخلاقی بەکارهێنانی زەبر و هێزی پێ قبوڵە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتری کاری دەوڵەتدا بەمەرجێک تاکەکانی کۆمەڵگە ڕەزامەندبن بەشێوەی بەردەوام هەمو خەڵک بەشدار بێت لە ڕەزامەندی بەکارهێنانی زەبر و هێزدا (پۆلادی، ١٦٨:٢٠٠٦).

لێرەدا ڕۆسۆ دەیەوێت بەم گرێبەستەی، پاساوی بەکارهێنانی زەبر و هێز، هەیکەلێکی ئەخلاقی بەکۆمەڵ دروستدەبێت، کە پێوەرە ئەخلاقییەکان شوێنی حەزەکان، و ئەرک و شوێنی هەوەسبازی و دادپەروەری شوێنی غەریزەکان دەگرێتەوە (پۆلادی، ٢٠٠٦ : ١٦٩ . ١٧٠)، بەکارهێنانی هێز لە سەرەتای سەپاندنی بیروباوەڕێک یان جۆرێک لە یاساکان گرنگە، تا

ئەو کاتەی خەڵک فێردەکرێن کە دەبێت بە چ جۆرێک مامەڵە و هەڵسوکەوت لەنێو ئەو دەوڵەتە بونیادنراوە بکەن، تەنانەت لە قۆناغەکانی دواتریش بەکارهێنانی هێز قبوڵە، بەڵام ڕێژەی ئەو کەسانەی هێزیان بەرامبەر بەکاردەهێنرێت کەم دەبنەوە، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە پێشتر ئاماژەم پێیانکردوە کەوا بریتین لە گروپی خراپەخواز و خۆویستەکان، ئەوانە هەمیشە جێی نیگەرانی و ترسی چاکەخوازانن، کە لە بۆسەی بەردەوامدان.

ڕۆسۆ دەڵێت، دەوڵەت بریتییە لە میکانیزمێک، مرۆڤ بۆ مەبەستی سودی خۆی دروستی دەکات، بۆیە دەوڵەت واتە ویستی گشتی و کاری بەکۆمەڵ، کە بەهۆیەوە مرۆڤ بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێت (پۆلادی، ٢٠٠٦: ١٧٤).

بەڵام ڕیمۆن ئارۆن بۆچونێکی تەواو جیاوازی لە بیرمەندانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەیە و دەڵێت، پشتیوانیکردن لە دەوڵەت، ڕێورەسمەکانی، جۆرێکن لە پەرستنی دەوڵەت، کە ناوی ناوە (ئایینی کۆن). لە ڕێگەی یاساکانی دەوڵەت توندوتیژی بەرهەمدێت و پاساویان دەدرێت، ئەمەش تەنانەت لە دەوڵەتە دیموکراسیەکانیش بە بەرگێکی جیاوازتر برەودان بە دەوڵەتپەرستی دەبیندرێت، کە وەک بتانێکی ڕێنمونیکەر لە ڕەوایەتیدان بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمهاتوی دیاریکراو، کە لەسەر دابەشکردنی نایەکسانی سەرمایەی کولتوری بەندە (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٧:١٨٩٦).

ڕۆسۆ دەڵێت، نابێت ئەوەی یاساکان دادەڕێژێت، هەر ئەویش ببێتە جێبەجێکاری، چونکە ترسناکترین شت لەنێو دەوڵەتی مەدەنی ئەوەیە، کە ویستی تایبەتی بەسەر ویستی گشتی زاڵبێت (ڕوسو،٢٠١٣: ٩٥).

ڕۆسۆ وای دەبینێت، هەرگیز دیموکراسی حەقیقی دروست نابێت، بەڵکو ئەوەی کە پێویستە پێچەوانەی مافی سروشتی هاووڵاتییان بکرێت، ئەوەیە کە زۆرینە دەسەڵاتی بەسەر کەمینە هەبێت (روسو،٢٠١٣: ٩٥). ئەوەش پێچەوانەی بۆچونی توێژەرە، کە توێژەر باوەڕی بە دەستەڵاتی چاکەخوازی بەسەر خراپەخوازی قبوڵە، و دواتر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی زۆرینە دروست دەبێت.

### تەوەری دوەم: ئەنجامدانی گرێبەست:

ڕۆسۆ دەڵێت گرنگترین پرەنسیپی گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئەوەیە، هەمو ئەو کەسانەی پەیڕەوی لە یاسا دەکەن، دەبێت لە بڕیاردان لەسەر یاساشدا بەشدار بن، هەروەها دەڵێت، دەبێت یاسا لەلایەن هەمو خەڵک سنورداربکرێت (لیدمان،٢٠١٦: ١٧٨: ١٧٩).

ڕۆسۆ باوەڕی وایە، بە بونی گرێبەست تاوانکاری نامێنێت، چونکە ئەگەر هەر تاکێک لە تاکەکان تەنیا ویستی تایبەتی خۆی مومارەسەبکات، ئەوا چەندین بڕیاری جیاواز و بەرژەوەندی جیاواز سەرهەڵدەدەن، و هەمیشە تاکەکان لە دڵەڕاوکێدا دەبن، کە لەوانەیە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بکەونە ژێر هەڕەشە و مەترسی، بۆیە وای دەبینێت ئازادی لە چوارچێوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، مسۆگەرتر دەبێت (quilas,2021:9)، بەڵام زۆر لە دەستەڵاتداران لەڕێی پرۆسەی دیموکراسی ئەم کردارەی گرێبەستیان ئەنجامدا، کەچی هەر کە هێز و دەستەڵاتیان دەستکەوت پێشێلی گرێبەستەکەیان کرد، هەروەها لە خراپترین جۆری دیموکراسی ئەوەیە دو هێز یان زیاتر بچنە پاڵ یەکتر و بە هاوبەشی دەستەڵات بەڕێوەببەن، و چۆن بیانەوێت بەو شێوەیە حوکمرانی بکەن و ناوی بنێن سیستەمی دیموکراسی پرۆسەی دەستاودەستی دەستەڵاتیش ئەنجام دەدرێت، کەچی لە ڕاستیدا خەڵک لە بازنەیەکی قۆرخکاری و خۆسەپێنی دەستەڵات دەخولێتەوە، بۆ ئەو جۆرە لە حوکمرانییەش نمونەی وەک ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەمریکا، شانشینی بەریتانیا، کۆماری فەرەنسا و هیتریش بەرچاو دەکەون.

**تەوەری سێیەم: ئەخلاقی ڕەها یان ئەخلاقی ڕێژەیی:**

هەمیشە بیری سیاسی بەدوای بنەڕەتێک گەڕاوە، کە بتوانێت یاسایەکی گشتی دەستبکەوێت، تا دادپەروەری لە چوارچێوەکەیدا دەستەبەر بکات. بۆیە بیری سیاسی کلاسیک لەڕێی یاسای خوایی یان یاسای سروشتی هەوڵیداوە ئەم بنەڕەتە گشتییە بدۆزێتەوە، کەچی بیری نوێ کەوتە بەرامبەر ئەم بیرە کلاسیکییە و عەقڵی مرۆڤی بۆ دادپەروەری کردە بنەڕەت (جەبار،٢٠٠٥: ٣٧- ٣٩)

بەگشتی بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری باوەڕیان وابو، مرۆڤ بەرهەمی ژینگە و کاریگەرییە دەرەکییەکانە، بۆیە دەتوانرێت بە پەروەردە و فێرکردن هەمو مرۆڤایەتی بەرەو ڕێگای ڕاست ئاراستە بکرێت (لیدمان،٢٠١٦: ١٧٥).

تۆماس هۆبز وای دەبینێت، تاکەکانی نێو کۆمەڵگە لە دۆخی سروشتیدا، دورە پەرێز، هەژار، زاڵبونی خراپە بەسەریدا، درندە و تەمەن کورتە، بۆیە ئەخلاق و بەها ئەخلاقییەکانی تێدا ئامادە نییە. هەر بۆیە بەها ئەخلاقییەکان بەرهەمهاتون، نەک سروشتی بن، هەروەها بەها ئەخلاقییەکان لە چوارچێوەی دروستبونی دەوڵەتی مەدەنی بەرهەمهاتون، بۆئەوەی تاک لەنێو کۆمەڵگە پارێزراو بێت (ramee,may 2021:6).

ڕۆسۆش بە هەمانشێوەی هۆبز دەڵێت، چەمکی ئەخلاقی سروشتی، چەمکێکی پارادۆکسیکە، چونکە ئەگەر سروشتییە، ئەوا نابێت ئەخلاقی بێت، هەروەها ڕۆسۆ باوەڕی وایە، دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت، واتە دروستکردنی قازانجی هاوبەش و بەکۆمەڵایەتیکردنی قازانجەکانە. لە بنەڕەتدا ئەم بەکۆمەڵایەتیکردنەش لە سنوری ئەخلاقی و سیاسی ئەنجامدەدرێت، نەک لە سنوری ئابوریدا (پۆلادی، ١٦٣-١٦٤: ٢٠٠٦).

ڕۆسۆ وای دەبینێت بەرپرسیاریەتی بکەری ئەخلاقی، بریتییە لە کۆمەڵگەی مرۆیی، نەک تاکی مرۆڤ بە تەنیا، تا خراپە لە کۆمەڵگا نەهێڵدرێت. بۆیە لەڕێی دروستبونی دەوڵەتەوە، پەیکەرێکی ئەخلاقی دروستدەبێت، کە ویستی گشتی تێدا بەرجەستە دەبێت، ئەم پەیکەرە ئەخلاقییەش شێوەیەکی ئۆرگانی وەردەگرێت (جەبار، ٢٠٠٥: ٥٤- ٥٥) (پۆلادی، ١٦٧:٢٠٠٦).

لێرەدا بۆمان ڕوندەبێتەوە کە هۆبز لەلایەک باوەڕی بە ڕێژەییبونی ئەخلاقی هەیە، و لەلایەکیتریش گەورەترین تیۆردارێژەری تاکگەراییە، کەچی ڕۆسۆ هەم باوەڕی بە یەقینی ئەخلاقی هەیە و هەم کۆمەڵگەگەراییە (پۆلادی،٦١:٢٠٠٦).

ڕۆسۆ بۆ سەرکەوتنی چاکە بەسەر خراپەدا، باوەڕی وایە سیاسەت ئامرازێکی کاریگەر و گرنگە، کە وەک ئەرکێکی ئەخلاقی بەئەنجام بگات، هەروەها سیاسەت لەپێش ئەخلاق هەژمار دەکات و، پێیوایە سیاسەت، ئەخڵاق بونیاد دەنێت (پۆلادی، ٢٠٠٦: ١٦٥ . ١٦٦).

**ڕۆسۆ باوەڕی وایە، تەنیا دو ئەگەر بۆ دروستکردنی مرۆڤی باش هەیە:**

١ -لەلایەن کەسانێکی شارەزا منداڵ لە کاریگەرییە خراپەکان ڕزگار بکرێت، ئەویش لە ڕێی پەروەردەیەکی ڕاستەقینە.

٢-ئەگەری دوەم ئەوەیە، کۆمەڵگە لە بناغەوە بگۆڕدرێت (لیدمان،٢٠١٦: ١٧٩).

کەچی هۆبز باوەڕی وایە، چاکە و خراپە دو چەمکی ڕێژەیین، واتە پەیوەندی بەوکەسەوە هەیە، کە بەکاریدێنێت، بۆیە هیچ بنەڕەتێکی گشتی بۆ چاکە و خراپە نییە، بەڵکو خەڵک بەو شتە دەڵێت چاکە، کە خۆشی و چێژی بۆ دێنێت (شتراوس و کروسبی، ٢٠٠٥: ٥٧٦).

توێژەر سەبارەت بە ئەخلاق و بنەما ئەخلاقییەکان پشتیوانی لە بۆچونی ڕۆسۆ دەکات، باوەڕی وایە ئەخلاق بەشێوەیەکی ڕەها هەن، بەڵام ژمارەیان کەمە، کە بە شێوەیەکی جەوهەری هەن و ئەنجامی باش بەدەستەوە دەدەن، بە

نمونە، هەندێک ئەخلاق هەن کە ڕاستین و هیچ کەسێک نکۆڵی لە ڕاستییان ناکات، ئەوانیش بە نمونە: ڕاستگۆیی، ئاشتەوایی...، کە هەردەم هاوتەریب بەرامبەر کردەی نا ئەخلاقی هەن، وەک: درۆ، شەر و ئاژاوە...، هەر ئەو بنەڕەتانەی ئەخلاق دەکرێت ببنە هەوێنی دۆزینەوەی ئەخلاقی سادەتر ئاستی نزمتر.

لەلایەکیتر ڕۆسۆ دەڵێت، ناتوانرێت لە ڕێگەی لۆژیک کۆمەڵگەیەکی شیاو بەرهەمبێت، بەڵکو دەڵێت ویژدان جێنشینی عەقڵە، هەروەها ویژدان پەیڕەوی لە عەقڵ ناکات، بەڵکو پەیوەندی بە هەست و ڕەمەکەوە هەیە، چونکە عەقڵ هەمیشە بوەتە هۆی پەرێشانی و نیگەرانی، چونکە ویژدان پەیوەندی بە چاکەی مرۆڤەوە هەیە (لیدمان،٢٠١٦: ١٧٧).

هۆبزیش لای خۆی یاسا لە ڕوانگەی ویست و حەز پێناسە دەکات، نەک لە ڕوانگەی عەقڵ، دەڵێت یاسا فەرمانە، ڕاوێژ نییە. ناکرێت یاسا بە ڕاوێژ دابڕێژرێت (شتراوس و کروبسی، ٢٠٠٥: ٥٩٦).

هۆبز دەڵێت، عەقڵ لە بەرامبەر حەز بێتوانایە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ بەهێزترین حەز، واتە پاراستنی خود یەکبگرێت، ئەوا دەگۆڕێت بۆ توانای زاڵ، هەروەها بەهێزترین حەز بریتییە لە عەقلانیترین حەز، هەر ئەم حەزەشە دەبێتە بناغەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی (پۆلادی، ٢٠٠٦:١٠٢).

بەڵام ڕۆسۆ ڕایەکیتری پێچەوانەی هەیە، دەڵێت حەز و قازانجەکان، بەو جۆرەی لە ماکیاڤیلی تا ئادەم سمیث جەختیان لەسەر کراوەتەوە، کردەی سروشتی نین، بەڵکو کردە و خەسڵەتی دەستکردن و بەپێی ڕوداوە مێژوییەکان سەریانهەڵداوە (پۆلادی، ٢٠٠٦:١٠٥).

سەرەڕای ئەمەش ڕۆسۆ مێژوی عەقڵانی شیکردەوە بەو ئەنجامە گەیشت، ئەو پاڵنەرانەی هۆبز باسیان لێوەدەکات، وەک پاڵنەری لوتبەرزی، دەڵێت پاڵنەری سروشتی نین، بەڵکو کۆمەڵایەتین. هەرچی سەبارەت بە بیری سیاسی و سودگەرایيشە کە لۆک پشتیوانی لێدەکات، دەڵێت، قازانجخوازی بابەتێکی کۆمەڵایەتییە و، لە قۆناغە مێژوییەکان دروستبوە و گەشەی کردوە (جەبار،٢٠٠٥: ٥٢).

**تەوەری چوارەم: مافی ڕاپەڕین و شۆڕش دژی دەوڵەتی مەدەنی:**

سەبارەت بەو پرسیارەی کە دەڵێت، ئایا خەڵک مافی ڕاپەڕینیان هەیە؟ (لۆک) دەڵێت ئەگەر دەوڵەتێک مافی سروشتی کە لە گرێبەستەکە هاتوە، پێشێل بکات، ئەوا ئەو مافەیان هەیە. بەڵام ئاگاداریان دەکاتەوە، هاوسەنگی باشترە لە شۆڕش و خوێنڕشتن (لیدمان،٢٠١٦: ١٥٨- ١٥٩).

**هەرچی هۆبزە سەبارەت بە ڕاپەڕین، لە دو خاڵ دەکرێت بۆچونەکەی بخرێتەڕو:**

١- ژێردەستەکان لە هیچ بارودۆخێکدا مافی ڕاپەڕینیان نییە.

٢- بەڵام ئەگەر ڕاپەڕینێک گرێنتی باشتربونی دۆخەکە دەکات و پێشکەوتن ڕو دەدات، تەنیا دەبێت فەرمانڕەوا بگۆڕدرێت بە فەرمانڕەوایەکی نوێ (لیدمان،٢٠١٦: ١٥٩).

هەروەها هۆبز پرسیار دەکات، چی بکرێت ئەگەر تاکێکی نێو گرێبەستەکە هەڕەشە لەسەر گیانی دروستبو؟ دەڵێت ئەو کەسە مافی هەیە بگەڕێتەوە سەر دۆخی سروشتی پێش گرێبەستەکە و، خۆی بپارێزێت، ئەمە سەبارەت بە گروپی نێو گرێبەستیش ڕاستە، واتە هۆبز ڕێ بە هەڵگەڕانەوە دژی (لیڤیاتان) دەدات (لبیب، لا یوجد سنة:١١٩- ١٢٠).

بەڕای توێژەر، هەمیشە گرنگە ویستی هەڵگەڕانەوە لە بیری خەڵکدا هەبێت، بە مەرجێک پێویستە ئەوانەی سەرکردایەتی هەڵگەڕانەوە و شۆڕشەکان دەکەن لە چاکەخوازان پێکهاتبن و ئەوان بەزویی و لە هەر دەرفەتێکدا بێت خۆیان ڕێکبخەن، چونکە لەکاتی بەلارێداچونی دەستەڵات و سیستەمە ئامادەکە و ڕزیبونی، ئەوا خەڵک پەنا بۆ دەرچەی ڕزگاربون دەبەن، بێئەوەی بزانن کام گروپ و سیستەمە چاکەی گشتی مەبەستە و کامیان خراپە و خۆویستی مەبەستە،

بۆیە ئەگەر چاكەخوازان بەزوویی خۆیان ڕێكنەخەن و خەبات بۆ ڕزگاری چاكەخوازی نەكەن، ئەوا لەوانەیە بەرەی خراپەخوازی بتوانێت جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، ئەمەش لە كۆتاییدا دەبێتە هۆی لەباربردنی هێز، شكۆ و دەرفەتی چاكەخوازی بۆ ماوەیەكی دورتر و ئەگەری هەستانەوەی چاكەخوازی زۆر زەحمەت دەبێت.

**ئەنجام:**

دوای ئەوەی تاوتوێی بۆچونەكانی هەریەكە (تۆماس هۆبز، جۆن لۆک و جان جاک ڕۆسۆ) كرا و تێڕوانینەكانیان سەبارەت بە ڕۆڵ و پایەی هاوولاتی لە دەولەتی سیاسی خرایەرو، هەروەها بۆچون، تێروانین و رەخنەكانی توێژەریش لەگەڵیان ئاوێتە كرا، ئینجا بە چەند خاڵێک ئەنجامەكانی توێژینەوەكە دەخەینەرو:

١- سەبارەت بە لیڤیاتان یان فەرمانڕەوایی، هۆبز وایدەبینێت پێویستە فەرمانڕەوا دەستەڵاتی ڕەهای هەبێت و لەسەر و هەمو دەستەڵاتێک خەڵكیش بێت، ئەو دەستەڵاتەش لە ئەنجامی گرێبەستێک بەو بەخشراوە كەچی لۆک دەڵێت دەبێت فەرمانڕەوایی لە شێوەی دەستەیەک بێت و ئەوانیش دەستەی سامانداره‌كان بن، هەرچی ڕۆسۆیە باوەڕی وایە دەستەی فەرمانڕەوایی لە كۆمەڵە كەسێک پێكبێت، كە ڕۆڵی دەستەی جێبەجێكاری ببینن، هەروەها ملكەچكردن بۆ ویستی گشتی پەیرەو بكرێت، توێژەریش ڕایەكی تا ڕاددەیەک جیاوازتری هەیە و دەڵێت پێویستە فەرمانڕەوایی بە كەسێک یان چەند كەسێک بسپێردرێت، كە ناو دەبرێن بە چاكەخوازان و ئەوان سیستەمێكی ڕێكوپێكی دەستەڵات دروست دەكەن و بازنەی گروپەكە فراوانتر دەبێت و هەر ئەوانیش پێویستە بڕیار لەسەر شتێک بدەن كە بۆ چاكەی گشتی بەسودە.

٢- ئەوەی پەیوەندی بە دۆخی سروشتییەوەیە هۆبز دەڵێت لە دۆخی سروشتیدا هەموان دژی یەكتر شەڕدەكەن و دۆخێكی ناتەندروستە، كەچی لۆک دۆخی سروشتی بە دۆخێكی تەندروستی دەزانێت، بەڵام بۆ دۆزینەوەی یاسا سروشتییەكان ئەو یاسایەی زۆرینەی خەڵک بەباشی دەزانێت ببێتە سەرچاوە، دەبێت بە هەڵچونەكان دیاریكرابن نەک بە عەقڵ، لەلایەكیتریش ڕۆسۆ پێیوایە مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا ڕەسەن و بێتاوانە، ئەوە شارستانیەتە مرۆڤ دەكاتە درندە، هەروەها دەبێت یاساكان لە پێش غەقڵ و لە دۆخی سروشتی بدۆزرێنەوە، كەچی توێژەر پێیوایە دۆخی سروشتی و دۆ خی مەدەنی لە ئارادا نین، ئەوەی هەیە دۆخی چاكە و خراپەیە، هەردو دۆخی چاكە و خراپەی بە هاوتەریبی بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی ڕوبەڕوی یەكتر وەستاون، دەبێت لەڕێی چاكەكاران بە بنەما یاساییەكان بگەین، بەڵكو دو مەرج گرنگن بۆ دۆزینەوەی بنەما یاساییەكان، ئەوانیش: لە قۆناغە جیاجیاكان و كۆمەڵگە جیاجیاكان بەكارهاتبن و سودیان هەبوبێت، هەروەها ئەنجامی باشیان هەبوبێت.

٣- هەریەكە لە بیرمەندانی گرێبەست بۆچونی جیاوازیان سەبارەت بە هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا یان دەستەی فەرمانڕەوایی هەیە، بە نمونە هۆبز وایدەبینێت پێویستە هەمو كەس بەشدار بێت، چونكە هەر كەسە و توانای بیركردنەوەی سەبارەت بە داهاتوی خۆی بە باشی هەیە و باشترین دادوەری ژیانی خۆیەتی، كەچی لۆک بەشداری گشتی هاوولاتییان بە پێویست نازانێت، بەڵكو گرنگە تەنیا سامانداره‌كان بەشداری هەڵبژاردن بكەن، هەرچی ڕۆسۆیە پێچەوانەی بۆچونەكانی هۆبز لۆكە، ئەو باوەڕی بە كۆمەڵگەی چینایەتی نییە، بەڵكو جیاوازی بیروڕا لەسەر ئاستی تاک هەبێت نەک گروپی، لە بەرامبەردا توێژەر باوەڕی بە بەشداری كەمینەی چاكەخوازی هەیە، چونكە زۆرینەی جەماوەری توانای بیركردنەوەیان لە ئاستێكی نزمدایە تەنانەت ئەگەر پەروەردەش بكرێن و ڕابهێنرێن، ئەوە ناگەیەنێت كە وشیاری سیاسییان گەشەی كردبێت، بەڵكو لەو كاتەدا دەكرێت كەوتبنە ژێر كاریگەری گوتاری باوی خاون هێزەكانی حوكمران.

٤- بە مەبەستی بونیادنانی دەولەتی مەدەنی، هۆبز ئەو جۆرە لە دەولەت بە ویستی ئازادی مرۆڤ لە قەڵەمی دەدات، كەوا پێش دروستبونی دەولەت، ویستی سروشتی باڵادەست بو، لە دۆخی مەدەنیدا ویستی فەرمانڕەوا دەبێتە ویستی گشتی،

کەچی لۆک پێیوایە دروستبونی دەوڵەتی مەدەنی لەڕێی پەرلەمانێک بونیاددەنرێت کە ساماندارەکان پێکیانهێناوە، ئەم دەوڵەتەش بۆ پاراستنی موڵک و سامانی خەڵکە، بەڵام ڕۆسۆ باوەڕی بە دەوڵەتێکی فرەچەشن و فراوان هەیە، کە هەمو خەڵک مافی بەشداریکردنیان هەبێت بەو مەرجەی وشیاری خەڵک زیاتر بکرێت، هەرچی توێژەرە باوەڕی بە دەوڵەتێک هەیە، کەوا بژاردە بەڕێوەی ببات، ئەو بژاردەیەش لە چاکەخوازان پێکهاتبێت و مەرج نییە لە قۆناغەکانی سەرەتایی ژمارەیان چەندە، دواتر ئەو ژمارەیە بەهۆی پەروەردە و ئامرازەکانی پێگەیاندن، ڕێژەکە زیاتر دەبێت، بۆیە بەشداری زۆرینەی جەماوەری، خزمەت بە دەوڵەتێکی بەهێز و سەرکەوتو ناکات. ئەوەی مەبەستە لە هەبونی دەوڵەت، گەیشتنە بە دەوڵەتێکی باڵا کە لە هەمو ڕویەکەوە خۆشی بۆ خەڵک دەستەبەربکات.

٥- بەگشتی هەر سێ بیرمەندانی گرێبەست باوەڕیان بە ئەخلاق بەوە هەیە کە ئەخلاق شتێکی دەستکردە و سروشتی نییە، هەرچەندە ڕۆسۆ باوەڕی بە ڕەهایی ئەخلاق و هۆبزیش بە ڕێژەییبونی ئەخلاق هەیە، و دەڵێن دەکرێت لەڕێی دەوڵەتی سیاسی بنەما ئەخلاقییەکان بدۆزرێنەوە، کەچی توێژەر ئەخلاق و بنەما ئەخلاقییەکان بە ڕەها و سروشتی لە قەڵەمی دەدات، بەڵام جەوهەر و بنەما ئەخلاقییەکان زۆر کەمن و، ئەوەی کە بەرچاودەکەوێت دەکرێت لێکەوتە و دەرەنجامی بنەما ئەخلاقییەکان بن، بۆیە پێویستە لەڕێی بیرمەندان و توێژەرانی چاکەخواز ئەم بنەڕەت و جەوهەرانە بدۆزرێنەوە. لەلایەکیتر ڕۆسۆ ویژدان بە سەرچاوەی ئەخلاق دادەنێت، کەچی هۆبز حەزەکان بە سەرچاوە دادەنێت، لۆکیش قازانجخوازی.

٦- سەبارەت بە ڕاپەڕین و هەڵگەڕانەوەی خەڵک دژی حکومەتی مەدەنی و فەرمانڕەوایی، هۆبز دەڵێت بە هیچ شێوەیەک خەڵک مافی ڕاپەڕینیان دژی فەرمانڕەوا نییە، تەنیا ئەگەر فەرمانڕەوایەکی باشتر و بەهێزتر دەرکەوت، ئەوا تەنیا فەرمانڕەوا دەگۆردرێت، نەک سیستەمەکە، کەچی لۆک ئەو مافە بە خەڵک دەدات، ئەگەر گرێبەستەکە پێشێلکرا، بەڵام پێدەچێت، هەر کاتێک فەرمانڕەوابەرەو خراپەکاری هەنگاوی نا، ئەوا پێویستە گروپی چاکەخوازی ڕێی لێبگرن، یان بەرەیەکیتر پێکبێنن و دژی ئەو حکومەتە هەڵگەڕێنەوە، چونکە لە ئەگەری مانەوەی دەستەڵاتی لادەر ترس هەیە گروپی خراپەخوازی ئەو هەلە سود لێببینن و بە بەکارهێنانی خەڵک جڵەوی دەستەڵات بگرنە دەست.

٧- ئەوەی پەیوەندی بە بەشداری گرێبەست و دارشتنی یاساوە هەیە، ڕۆسۆ دەڵێت دەبێت هەمو خەڵک لە ئەنجامدانی گرێبەست و دارشتنی یاساکان هەبێت، چونکە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە ئەگەر لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێک بێت، ئەوا لەوانەیە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاربێنن، کەچی هۆبز دەڵێت لەکاتی گرێبەست پێویستە هەمو تاکێک بەشدار بێت، بەڵام تەنیا فەرمانڕەوا مافی دارشتنی یاساکانی هەیە، لۆکیش لای خۆی باوەڕی بەوە هەیەساماندارەکان داڕێژەری یاساکان بن. بەڵام، مەرجی هەبون و دارشتنی یاسای باش، دەستەڵاتێکی باشە نەک بەشداری زۆرینەی خەڵک و بونی چەند هێزێک یان چەند دەستەڵاتێکی جیاواز، چونکە دەکرێت هێزەکان بە بەستنی گرێبەست لە نێوانیان و ڕێککەوتنی ژێربەژێر، قۆرخکاری لە دەستەڵات بکەن.

## سەرچاوەکان:

برقای، جمال و طاهیر،د. ریاض (٢٥-١-٢٠٢٢) العقد الاجتماعی عند جان جاك روسو.

برو، فیلیب (٢٠٠٦) علم الاجتماع السیاسی، ت/ د.محمد عرب حاصیلا، ط ٢، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، بیروت.

بسیونی، د. محروس محمد محروس (2012)، بحث عن نظریة العقد الاجتماعی فی میزان الاسلام، جامعة الازهر- كلیة الدعوة الاسلامیة بالقاهرة- قسم الثقافة الاسلامیة: انظر الموقع الالكتروني: jsad.journals.ekb.eg

پۆلادی، کەمال،(٢٠٠٦) لە دەوڵەتی دەستەڵاتەوە تا دەوڵەتی عەقڵ، و/ سیروان زەندی، چ١، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی.

جەبار، سیروان (٢٠٠٥) مرۆڤ و بیری سیاسی،چ1،ژ(٦)، ناوەندی ڕۆشنبیری و پێگەیاندنی ی.ق.ك.

خەلیل، د. معن (٢٠٠٩) ڕەخنەی هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، و/ شەهلا وەلی جەبار، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.
روسو، جان جاک (٢٠١٣) العقد الاجتماعی، ت/عادل زعیتر، مؤسسة هنداوی للتعلیم والثقافة، القاهرة.
شتراوس، لیو و جوزیف کروبسی (٢٠٠٥) تاریخ الفلسفة السیاسیة، ج١، ت| محمود سید احمد، المجلس الاعلی للثقافة،القاهرة.
عبد مجید، د.مكي، لایوجد سنة، العقد الاجتماعی (الاسس النظریة و ابرز المنظرین)، العدد ١، اهل البیت، انظر الموقع الالکترونی
لبيب، عبدالعزيز (لا يوجد سنة) نظرية العقد الاجتماعي من هوبز الى روسو،انظر الموقع الالكتروني:
www.tafahom.mara.gov.om
لیدمان، سڤێن ئەریک (٢٠١٦) مێژوی فەلسەفەی سیاسی، و:عبدولا رسوڵی، چ٣، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
نەقیب زادە، د. ئەحمەد (٢٠٠٧) پێشەکییەک لەسەر کۆمەڵناسی سیاسی، مەسعود ڕەواندوست، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
کاسیرەر، ئێرنست (٢٠٠٨) ئەفسانەی دەوڵەت، و:دلێر میرزا، چ١، چاپخانەی پەیوەند.
کۆمەڵێک نوسەر (٢٠٠٦) چەند باسێک دەربارەی زانستی سیاسی،چ١، و: ئاوات ئەحمد، چاپخانەی ڕەنج.
کۆمەڵێک نوسەر(٢٠١٧) پییەر بۆردیۆ، بەرگی چوارەم،چ١، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی.
Abernethy ,George Lawrence, 1936, THE THEORY OF SOCIAL CONTRACT IN ENGLAND: 1642-52,Submitted in partial fulfilment of the requirements for the degree of Doctor of Philosophy, in the University of Michigan, Ann Arbor, Michigan: deepblue.lib.umich.edu.
Douglas, C. Youvan, October 2023, The Social Contract: Origins, Evolution and Contemporary Implications, www.ResearchGate.net
Laskar,Manzoor Elahi, April 2013, Summary of Social Contract Theory by Hobbes, Locke and Rousseau, Symbiosis International University, www.ResearchGate.net
Quilas, vanessa faye (July 2021) A Critical Analysis on the Social Contract Theory in Relation with the Happiness of Man, Politechnic University of the Philippines, www ,researchgate.net.
Ramee,margaux.Faren Frazier (may 2021) The Social Contract in the face of Empirical Morality: Integration and Its Consequences, New York, CUNY Academic Works, www.academicworks.cuny.edu.

[1]. گرێبەست بریتییە لە پەیڕەوکردن، واتە تاکەکان دەست لە ماف و ئازادییە خودییەکانیان هەڵدەگرن، یەکەم هەنگاو کۆتا هەنگاویشە، چونکە چیتر تاکەکان ئازاد و سەربەخۆنین لە پەیڕەوکردنی ئازادییەکانیان، بەڵکو بە کۆمەڵێک دیسپلینی گشتی پابەنددەکرێن و، سیاسەتی گشتی بەسەر ویستی تاکەکەسی باڵادەست دەبێت (کاسیرەر، ٢٠٠٨ : ٣٣٨).
**یان گرێبەست،** واتە ئامرازێکی یاساییە، کە تاکەکان بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکانیان پشتی پێدەبەستن، کەوا ڕێککەوتنی نێوان دو لایەنە و پێی پەیوەستن(برقای و طاهیر،٢٥-١-٢٠٢٢ : ٨٦٣).

[2]. (لڤیاتان) بە مانای دڕندە یان دێو دێت، کە هێمای هێزە. یان (لڤیاتان) ئەو فەرمانڕەوایەیە، یان ئەو دەوڵەتەیە، کە هێزێکی ترسێنەری باڵای هەیە، لەلایەکیتر ئامرازێکی ورد و ئامادەیە لەسەر هەمو کەسێک (چەند نوسەرێک،٢٠٠٦: ٦٥) (لبیب، لا یوجد سنة:١١٨) (بسیوني،٢٠١٢: ١٥٧٠).

[3]. چەمکی ئازادی لە زمانی فەلسەفی و تەنانەت لە زانستی سیاسیشدا، یەکێکە لە نادیارترین و تاریکترین چەمکەکان، هەرچەندە یەکێک لە دروشـمە گرنگەکانی سـیاسـییەکان، دروشـمی ئازادییە و دڵنیامان دەکەنەوە، کە ئەوان نوێنەر و پارێزەری ئازادین بۆ هاووڵاتییان، کەچی بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن (کاسیرەر، ٢٠٠٨: ٥١٤).
بەپێی تێڕوانینی (کانت) ئازادی واتە سەرپشکبون، واتە جۆرێکی تایبەت لە چارەنوسی دیاریکراوە، واتا چەند یاسایەک کە ئێمە لە کارەکانماندا گوێڕایەڵیان بین، نەک ئەو یاسانەی لە ڕێی پیاوانی ئاینی بەسەرماندا سەپێنراوە، بەڵکو کەسی مۆراڵی خۆی ئەم یاسایانەی بۆخۆی داناوە (کاسیرەر، ٢٠٠٨: ٥١٤).